lekolinawa٩@yahoo.com کوردستانی نوێ KURDISTANI NWE
ساڵی چواردەهەم-ژمارە (٣٧٩٥) هەینی ٢٠٠٥/١٠/٧
No: 3795 Friday 7/10/2005

# ئایدیۆلۆژیی رەسمی، شۆڤێنیزم و کورد

**ئیسماعیل بێشکچی**
**وەرگێڕانی لەتورکییەوە: فرات کەلەهکی-شوکریە ساڵح**

پێش دەسەڵاتی نیلسۆن ماندێللا، واتا لەساڵانی (١٩٦٠-١٩٧٠-١٩٨٠) کاندا بەئەفریقیای باشوور دەوترا نەژاد پەرستترین دەوڵەت لەجیهاندا، لەساڵانی (١٩٦٠) کاندا هەمان شت بەولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش دەوترا، بەڕێوەبەرایەتیی سەر بەسپی پێستەکان وایان بەئەفریقیای باشوور دەوت:

(پێستتان رەشە، تێکەڵی سپی پێستەکان دەبن، باگەڕەك و خوێندنگاو نەخۆشخانەو ئوتێل و چێشتخانەو چایخانەو سینەماو..هتد جیابن) لەئەفریقیای باشوور بەم بەڕێوەبەرایەتییەیان دەوت: (بەڕێوەبەرایەتیی Aportheid)، هەمان شت لەولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش بەرەش پێستەکان دەوترا. لەولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بەتایبەتی لەهەرێمەکانی باشوور نفووسی رەش پێستەکان زۆربوون. لەم هەرێمانەدا زوو زوو ناکۆکیی و شەڕ روویدەدا لەنێوان رەش پێست و سپی پێستەکاندا. لەرووی نفووسەوە لەئەفریقیای باشوور، رێژەی دانیشتووانی رەش پێستەکان زۆر بوون. دانیشتووانەکانیان لەرووی نفووسەوە رێژەیان چوار لەپێنج بوو، بەڕێوەبەرایەتیی سپی پێستەکان، ئاقارێکیان بەناوی (Bantustan) ەوە دروستکردبوو بۆ دانیشتووانەکان، دانیشتووانەکان لەو کۆمەڵگا گەورانەدا دەژیان کەچواردەوری بەتەلی درکاویی گیرابوو، لەم کۆمەڵگایانەدا خانوو، کارەبا، ئاو، تەندروستی و خوێندنگاو خزمەتگوزاریی رێگاوبان و زێراب زۆر کەم بوون، بارودۆخێکی نالەباری هەبوو، بەڵام دانیشتووانەکان لە(Bantustan)ـەکاندا بەسەربەخۆیی دەژیان و لەو کۆمەڵگایانەدا خۆیان، خۆیانیان بەڕێوەدەبرد.

لەولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش پەیوەندیی نێوان رەش پێستەکان و سپی پێستەکان هەر لەوە دەچوو، ئەم پەیوەندییانە ئەو مانایەی نییە کە بەبیرۆکەی (Asimilasyon)ـەوە ناوی لێبنرێت. لەبەرچاو نەگرتن هەیە، بچووك بینین، سووککردن هەیە. (تۆ لەمن ناچیت، تێکەڵی ئێمە مەبە، لەمن جیاو دوور بژی) واتا نەگرتنە بەرچاوییەك لەو شێوەیە.. ئەو کۆمەڵە خەلکەی کە لەبەرچاو نەدەگیران لەگەڵ ئەوەی کە لەبواری خزمەتگوزاری و کۆمەڵایەتییەوە بارودۆخێکی نالەباریان هەبوو، بەڵام لەناو خۆیاندا بەسەربەخۆیی دەژیان و خۆیان خۆیانیان بەڕێوەدەبرد.

لەتورکیاش پەیوەندیی کوردو تورك لەئاستێکی زۆر جیادا بەرەوپێش دەچێت. سیاسەتی سەرەکیی کۆماری تورکیا کە لەدژی کورد بەڕێوەیدەبات (Asimilasyon)ـە بۆ ئەوەی کورد بکات بەتورك، لەبواری ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئایدیۆلۆژیاوە هەموو جۆرە هەنگاو رێوشوێنێك دەگرێتەبەر، کوردێك کەبووبێت بەتورك لەمەسەلەی کوردایەتیدا هیچ مەبدەئێکی نەمابێت و هیچ داواکاری و خەباتی نەبێت، دەوڵەت هەموو ئیمکانیاتێك دەدات بەو (کورد)ە. ئەم جۆرە مرۆڤانە لەدامودەزگا پەوەردەییەکان و لەبەڕێوەبەرایەتییەکانی تردا پلە وەردەگرن و لەبوارەکانی دەوڵەتیشدا یەکسەر پلەیان بەرزدەبێتەوە. ئەو کوردانەشی کەنابن بەتورك و داوای مافی کوردایەتیی کورد دەکەن و مافی نەتەوەیی کورد دەهێننە سەر زمان و لەو پێناوەدا خەبات دەکەن، تووشی فشارێکی زۆر قورس دەبن.

ئەو کوردانەی کەنابن بەتورك لەمەسەلەی مافی دیموکراسی و نەتەوەیی کورددا سوورن لەسەر داواکارییەکانیان تووشی هەموو جۆرە فشارێك دەبن بەلەناوبردنی فیزیکیشەوە.. لێرەدا ئەمە بەکوردەکان دەوترێت: (پێویستە تۆ لەگەڵ مندا بژیت، ناچاری لەگەڵ مندا بژیت، ئەلتەرناتیڤێکی تر نییە، تۆ دەبێت لەگەڵ مندا بژیت.. ئەو وشانەش وەك (زمانی من، کولتووری کورد، پێناسەی من) دەبێت لەبیری خۆتی ببەیتەوە). بەڕای من ئەمە نەژاد پەرستییەکی زۆر زۆر گەورەیە، لەچاو نەژادپەرستیی (تۆ لەمن ناچیت، لەدەرەوەی من بژی) ئەم نەژاد پەرستییەی تر کەدەڵێت (دەبێت تۆ هەموو تایبەتمەندییەکانی خۆت لەبیر خۆت بەریتەوەو دەبێت وەك من لەگەڵ مندا بژیت) نەژاد پەرستییەکی زۆر قورس ترە.

**یاسای نیشتەجێکردن مافی نیشتەجێبوونی ئازادانە تەنها بەهاوڵاتییە تورکەکان بەڕەوا دەبینێت، ئەوانەی کەتورك نین ناچارن لەوشوێنەبن کەحکومەت بۆیان دیاری دەکات، بەبێ مۆڵەت ناتوانن بۆ هیچ شوێنێکی تر بڕۆن**

**(یەکسانی) و جووتە پێوەر..!**
**(Standart)**

ئەو پێوەرانەی کەدەڵێن: (لەتورکیا فەرق و جیایی نییە، هەموو کەس دەتوانێت ببێت بەهەموو شتێك) ئەوە پێوەرێکە کەخۆی دەیەوێت گەشەسەندنی نەژادپەرستی بشارێتەوە. لەژیانی سیاسیی تورکداو لەمێژووی بیرکردنەوەی تورکدا ئەم دروشمە زوو زوو بەکاردەهێنرێت. نموونەیەکی گرنگی ئەمەش پەرلەمانتارەکانی پارتی (DEP)ـن. ئەمانەش لەبەرئەوەی لەناسنامەکانیاندا (تورك) دەنووسرێت وەك هەموو تورکێك بوون بەپەرلەمانتار، کاتێك دانیان بەوەدا ناوە کەکوردن و هەندێك داواکارییان سەبارەت بەکورد هێناوەتە سەر زمان، لەمافی تەشریعی بێبەشکراون و خراونەتە زیندانەوە بەتۆمەتی (تیرۆریستی) دادگایی کراون و سزادراون.

لەژیانی (٨٠) ساڵی سیاسی تورکدا، قەت بینراوە کە(١٧-١٨) پەرلەمانتێر بەیەکەوە مافی تەشریعییان لەسەر لاببرێت و دوای ئەوەی کەمافی تەشریعییان لابرا بخرێنە زیندانەوەو دادگایی بکرێن و سزابدرێن..؟ ئەوە سیاسەتێکە کەتەنها بۆ کورد پیادە دەکرێت. لەم بیرکردنەوەو پیادەکردنەدا مەفهوومی (یەکسانی لەکوێیە..؟).

با ساڵانی (١٩٨٥-١٩٨٩) بەبیر خۆمان بهێنینەوە، لەبولگاریا سیاسەتێکی ئەو وڵاتە هەبوو کەهەوڵی ئەوەی دەدا ئەو ئێتنیکە تورکانەی کە لەوێ دەژیان بکەن بەبولگاری وهەروەها ئەو تورکانە بکەن بەبولگاری. بەتورکەکان دەوترا: (ئەگەر ئێوە ناوی بولگاری لەخۆتان بنێن، لەناو پارتی کۆمۆنیست و لەدامودەزگای دەوڵەت و حکومەتدا بەئاسانی دەتوانن پلە وەربگرن و زووش پلەتان بەرزدەبێتەوە..) لەکۆتاییدا بەسەدان هەزار لەو ئێتنیکە تورکانە سنووریان بەزاندو هاتنەوە بۆ تورکیاو بوون بەپەنابەر.

لێپرسراوانی دەوڵەت و حکومەتی تورکیا بۆ ئەو هەڵوێست و پیادەکردنە بەتوندی رەخنەیان لەحکومەتی بولگاریا دەگرت. تورکیا یەکێتیی ئەوروپاو نەتەوە یەکگرتووەکان و (ADIT)ـی ئاگادارکردو داوای لێکردن کەفشار بخەنە سەر دەوڵەت و حکومەتی بولگاریا، لەتورکیا راگەیاندن و میدیاو پارتییە سیاسییەکان و زانکۆکان و رێکخراوە مافناسەکان و سەندیکاکان و دامودەزگای دادوەری و دادگای دەستووری و دادگای چاوپێدا خشانەوەو ئەنجومەنی راوێژکاران و دیوانی موحاسەبات و رێکخراوە مەدەنییەکان، هەریەکەیان لەم بارەیەوە رای خۆیان راگەیاندو سیاسەتی بولگاریایان پرۆتستۆکرد. سەندیکاکانیش وەك سەندیکای کرێکاران و یانە وەرزشییەکان و رێکخراوەکانیش خۆپیشاندانیان رێکدەخست، راگەیاندن، لەرێگای میدیاکانەوە ئەم سیاسەت و پیادەکردنەی بولگاریایان بەسیاسەتێکی (فاشیست و نەژادپەرست و شۆڤێنی و داگیرکەرو ئیمپریالیزم و دەرەوەی سەردەم و دوور لەمرۆڤایەتی) پێناسە دەکرد.

تورکیا چ وەك لێپرسراوانی دەوڵەت و حکومەت و چ وەك دامودەزگا مەدەنییەکان و کۆمەڵایەتی و دادوەریی لەناوەوەو دەرەوە سیاسەتێکی چروپریان بەڕێوەدەبرد. ئەو هاووڵاتییانەی بولگاریا کە بەئەسڵ تورك و ناوی بولگارییان لەخۆیان نابوو بە(نۆکەرو خیانەتکار)ـیان لەقەڵەم دەدان. ئەوەش دەزانین کەدوایی قۆناغەکە بەرەو کوێوە چوو. لەبولگاریا دەسەڵاتداری گۆرا، تورکەکان پارتیان دامەزراند، لەحکومەتدا جێیان گرت، ئەو ئێتنیکە تورکانەی کەپەنایان بۆ تورکیا بردبوو، جارێکی تر گەرانەوە بۆ بولگاریا، ئێستا بولگاریا کاندیدە بۆ بەئەندامبوون لەیەکێتیی ئەوروپاو ئیحتیمالێکی زۆر گەورەش هەیە کە لەساڵی (٢٠٠٧) دا دەبێت بەئەندامێکی تەواو..

لەتورکیا لەگەڵ ئەم هەموو خەباتەش، کوردەکان ئەومافەیان بەدەست نەهێناوە کەناوی کوردی لەخۆیان بنێن، هەتا ئێستاش ناوی وەك (باوەڕ، خاندار، مەنجینۆ) کەپیتی وەك (خ، و، ق)ی تێدایەو کوردین، لەبەڕێوەبەرایەتیی رەگەزنامە قەید ناکرێت. ئەمە چی نیشان دەدات..؟ ئەوە نیشان دەدات کەئەو سیاسەتەی (Asimilasyon) و شۆڤێنیی بەتەواوی جێگیربووەو بووە وەك رێکخراوێك، هەروەها ئەوەش نیشاندەدات کەبیرکردنەوەی تورك وەك بیرۆکەیەکی جووتە پێوەر گەشەی سەندووە.. ئەوانەی کە بەتوندی رەخنەیان دەگرت لەو قۆناغەی نێوان ساڵانی (١٩٨٥-١٩٨٩) کەگەشەی دەسەند، ئەم پیادەکردنەیان پرۆتستۆ دەکرد، ئەو دامودەزگایانەی کەخۆپیشاندانیان دروست دەکرد، کەسایەتیی رۆشنبیریی هەمەجۆر.. هتد ئەوە بەشتێکی سروشتیی دادەنێن کەدەوڵەتانی خۆیان زۆر خراپتر لەسیاسەتی بولگاری لەدژی کورد پیادەکردووەو ئەمە (٨٠) ساڵ زیاترە بەشێوەیەکی سیستماتیك ئەم سیاسەتەی خۆی جێبەجێ دەکات، هەروەها نایانەوێت ئەم فشارە ببینن و نەبیستن و بزانن.

**(نەژاد پەرستیی بەرزی، بۆزکورت چییەکان)**

لەساڵی (١٩٩٤)دا نیلسۆن ماندێللا لەئەفریقیای باشوور بوو بەسەرۆك کۆمار، کەسەرۆکی کۆنگرەی نەتەوەیی ئەفریقا وەك سەرۆك هەڵبژێردرا، دەرکەوت کەئایدیۆلۆژیای رەسمیی ئەفریقای باشوور وەك باس دەکرێت رەق نییە، بەڵکو بەپێچەوانەوە ئایدیۆلۆژیایەکی نەرمە. نموونەی ئەمەش ئەوەیە کەفریدریك دەکلیرك-ی سەرۆك کۆماری ئەو کاتەی دەسەڵاتداری سپی پێستەکان لەهەڵبژاردنەکانی ساڵی (١٩٩٤)دا کرا بەجێگری سەرۆك کۆمار، واتا جێگری نیلسۆن ماندێللا لەگەڵ ئەوەی کە تاشوباتی ساڵی (١٩٩٠) نیلسۆن ماندێللا (٢٧) ساڵ لەزینداندا بوو، لەئەفریقای باشوور کەپێی دەوترا (نەژاد پەرستترین دەوڵەتی جیهان)، ئیتر (سیاسەتی Aportheid) پیادە ناکرێت. دانیشتووانەکان بوون بەخاوەنی دەسەڵاتداریی ئەفریقای باشوور. لەولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش، ئەو جیاکردنەوانەی نێوان رەچەڵەك کە لەساڵانی (١٩٦٠) دا دەبینرا، نەمان، بەڵام لەتورکیا ئەو نەژادپەرستییەی کەتایبەتمەندیی خۆی هەیە، بەهەموو رەقییەکەوە هەر بەردەوامە.

لەساڵانی (١٩٣٠)ییەکاندا، مەحمود ئەسات بۆزکورتی وەزیری دادی ئەو سەردەمەی توکیا (١٨٩٢-١٩٤٣) دەیوت: (تورك ئەفەندی و خاوەنی تاکانەی ئەم وڵاتەن.. ئەوانەی رێك لەرەچەڵەکی تورك نەبن تەنها یەك مافیان هەیە لەم مەملەکەتەدا. ئەویش مافی بەخزمەتکاربوونی تورك و بەکۆیلەبوونی تورکە. دۆست و دوژمن و هەروەها باشاخەکانیش ئەم راستییە بزانن). رۆژنامەی میللییەت لە (١٩)ی ئەیلوولی (١٩٣٠)دا، کەئەو سەردەمە (میللییەتیش لەلایەن پەرلەمانتاری شاری سێرت مەحمود سەیدانەوە دەردەچوو) ئەمەش شتێکی ئاشکرایە کەئەو قسانە تەنها لەسەر کاغەزدا نەمانەوە، لەگەڵ ئەمەشدا لەساڵانی (١٩٦٠-١٩٧٠-١٩٨٠)کاندا مەحمود ئەسات بۆزکورت بەکەسێکی (دیموکراتی و سۆسیالیست) دەناسراو لەقەڵەمدەدرا. ئەم دامودەزگایانەی وەك دادگای چاوپێداخشاندنەوەو کۆلێژی یاساو رێکخراوەکانی مافناسانیش بەستایشەوە پەیکەری مەحمود ئەسات بۆزکورتیان لەبەردەم دەرگای چوونە ژوورەوەی شوێنەکانی خۆیاندا دادەنێن. بەوەرگەراندنی کتێبی (Max Beer) یان بۆ سەر زمانی تورکی بەناوی سۆسیالیزم و مێژووی گشتیی کۆمەڵایەتی لەساڵی (١٩٣٠)داو هەروەها بەنووسینی پێشەکییەکیش بۆ ئەم کتێبە بووە هۆی ئەوەی مەحمود ئەسات بۆزکورت وەك سیاسەتمەدارێك کەدڵی خۆی دابێت بەسۆسیالیزم بناسرێت، بەڵام ئەو قسانەی کە لەسەرەوە دیاریکراون نەبوونەتە بابەتی گفتوگۆو موناقەشەی لەسەر نەکراوە. ئەگەر مەبەست ئەوە بێت کەدەیەوێت ئەم شتانە ببینێت و ئەو واتایە دەدات کەئەم بیروبۆچوون و هەڵوێستە بەشتێکی سروشتی دەزانرێت.

**یاسای نیشتەجێکردن و (نیشتەجێکردنی رۆشنبیر)..!!**

ژمارە (٢٥١٠)ی یاسای نیشتەجێکردنی سڵی (١٩٣٤)یش هەر باس لە(رەچەڵەکی تورك) دەکات، ئەمەش چەند نموونەیەکە لەو یاسایە:

(ئەو کۆچەرو پەنابەرانەی بەرەچەڵەك تورك بن و بەنووسین داوای هاوکاریی نیشتەجێبوون بکەن لەحکومەت، لەتورکیا لەکوێ بیانەوێت دەتوانن نیشتە جێ بن و ئازاد دەکرێن).. (Mad٧IA).

(ئەوانەی لەرەچەڵەکی تورك نەبن، ئەگەر داوای هاوکاریش لەحکومەت بکەن، ناچارە لەو شوێنە ببێت کەحکومەت بۆی دیاری دەکات و بێ مۆڵەتی حکومەتیش ناتوانێت بۆ هیچ شوێنێکی تر بچێت).(Mad٧IB).

(ئەوانەی لەرەچەڵەکی تورك نین، بەمەرجێك پەرش و بڵاوکردنەوەیان لەلادێکانداو زۆرە ملێ بەشێوەیەکی تیم دروست نەکرێ و لەگەڕەکی جیاو لەشارو ناحییەکاندا دەبێت نیشتەجێ بن).. (Mad١٣/٣)..

لەهۆکاری ئەم یاسایەشدا، بیرۆکەی وەك (رەچەڵەکی تورك، هاتنەکایەی رەسمیی رەچەڵەکی تورك) دەهێنرێتە پێشەوە. لەگەڵ هەمموئەوانەدا

**هەڵوێستێکی راست ومرۆڤدۆستانە نییە رۆشنبیرێکی کورد بەرگری لەگەلانی فەلەستین وئەمەریکای باشور بکات ،بەڵام بەرگری لە چەوساندنەوەی نەتەوەکەی خۆی نەکات**


ئیسماعیل بێشکچی

بەگشتی لەلایەن رۆشنبیرانەوە ئەوە دووپات دەکرایەوە کەبیرۆکەی تورك لەنەژادپەرستی زۆر دوورەو دیموکراتییەو بیرۆکەیەکە کەبنەمای (یەکسانی)ی لەسەر هەموو شتێکەوە دەگرێتەوە، بەڵام ئەو بابەتانەی کە لەسەرەوە هەوڵداوە دەستنیشانی بکەم و ئەو مادادانە هیچ وەختێك مناقەشەیان ناکرێت و هەموو کاتێك نەیانویستووە ببینن یان بیزانن.

بیرۆکەی تورك بەراستەوو چەپڕەوەکانەوە زۆر نرخ بەو کەسانە دەدات کە (Asimile) بووبن، باس لەکوردایەتیی ناکەن و لەخەباتی ئەم جارانە دوورکەوتبن، ئەو هەندە ستایشی ئەو کەسانەدەکەن تەواو نابێت.

کتێبێکی (Malmisan)یش بەناوی (جەمیل پاشازادە) کانی دیاربەکری و نەتەوەپەرستی کورد، کەساڵی (٢٠٠٤) لەلایەن چاپخانەی ئاڤێستاوە بڵاوکراوەتەوە، لەم کتێبەدا زانیارییەك هەیە کەمنی حەپەساند. لەم کتێبەدا بەوردەکاری باس لەوە دەکرێت کە(ڤەدات گونیۆڵ) یەکێکە لەنەوەکانی ئەحمەد جەمیل پاشا (S.٤٧٢vd) ڤەدات گوینۆڵ (١٩١١-٢٠٠٤) نووسەرێکە، کەخزمەتێکی زۆری بەزمان و کولتوورو ئەدەبیاتی تورکی گەیاندووە کابرایەکە لەگەڵ ئەوەی ئەو هەندە فشاری خراوەتە سەر زمان و کولتووری کوردی و ئەوەندە زوڵم لەکورد کراوەو هیچ کاردانەوەیەکی لەبەرامبەر ئەم شتانەدا نەبووە. لەدژی ئەو فشارە میللییە کەخراوەتە سەر گەلانی فەلەستین وڤێتنام و ئەمریکای ناوەڕاست و ئەمریکای باشوور راوەستاوە، بەڵام ئەو هەموو فشارەی کە لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا خراوەتە سەر کورد، نەیکردووە بەموشکیلە بۆ خۆی. رەخنەیەکی بچووکیش لەم هەموو فشارو زوڵمە نەگیراوە، ئەمە ئاشکرایە کەهەڵوێستێکی زۆر نابەجێیە. ئاشکرایە کەهەڵوێستێکی هیومانیستیی راست نییە، لەکاتێکدا کەئەو هەموو فشارەی سەر زمانی کوردی و ئەو هەموو زوڵمەی کە لەکورد دەکرا، بەرەو زیادبوون دەبوو وای لێهاتووە بووە بەشێوەیەکی سیستماتیك، ئینجا ئەگەر هەڵوێستێکی وا بەم شێوەیە شیبکرێتەوە، بەراکردن لەناسنامەی خۆی و خۆشاردنەوە لەناسنامەی خۆی. لەم مەسەلەیەدا بەکارهێنانی تەرمینۆلۆژییەکی دیموکراتی و چەپڕەوو هیومانیست کەئەویش رووکەشێکی ترە (Maske).

**سەرچاوە: گۆڤاری تیرۆژ، ژمارە (١٥)ی ئابی (٢٠٠٥)-ئەستانبوڵ.**